روانین



سیروان ڕەحیم

# تێگەیشتنی ئێمە لە زمان
# زمانی ڕێتۆڕۆمانتش وەکو نموونە



ئەوەی جگە لە زمانی زکماک
زمانێکی تر نەزانێ، هیچ شتێک
لە زمانەکەی خۆیشی نازانێت.

گۆیتە (١٧٤٩-١٨٣٢) شاعیر، درامانووس، ماتماتیکاری ئەڵمان

Ratormanisch

ڕێتۆرۆمانیش زمانێکە هەرچەندە شەست هەزار کەس قسەی پێ دەکەن «بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٠ ی ئەو وڵاتە»، کەچی نایەڵن بتوێتەوە و لە ناو بچێت. زمانێکە چونکە بە سامانی مرۆڤایەتی دەزانن و بێگومان هەر وەهایشە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک دێتە پاراستن. ڕێتۆرۆمانیش لە پاڵ زمانەکانی ئەڵمانی، فەڕەنسی و ئیتاڵی یەکێک لە زمانگەلی فەرمی سویسرایە. زمانەکە حەفت زاراوەی هەس.

سویسرا وڵاتێکی فیدراڵە، لە بیست و شەش هەرێم پێک هاتووە، لە کۆی ئەو هەرێمانە لە یەک هەرێمی وەڵاتەکە قسە بە زمانی ڕێتۆرۆمانیش دەکرێت، ئەویش هەرێمی گراوبویندەنە. زمانەکە سەر بە خێزانی زمانە ڕۆمانییەکانە. سویسرا خۆی وڵاتێکی بچووکە، ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی هەشت ملیۆن کەسن «بە پێی ئاماری کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩». لە کۆی هەشت ملیۆن مرۆڤ نزیکەی شەست هەزار کەس بە زمانی ڕێتۆرۆمانیش دەئاخڤن.

پاش ئەم دەستپێکە ڕەنگبێ لە لای هەموومان ئەندێشە و خەیاڵگەلێک بخەملێن کە پێوەندیی بە بۆچوونی چەوتی ئێمەوە سەبارەت بە زمانی کوردی و ستاندارکردنی زمانەکە هەس. لە نێو ئێمەدا ئەوانەی شەڕ زمان و زاراوە دەکەن، ئەگەر سەر بە ماڵی ئەزمونی خەڵکی تردا بکەن و بە چاوی کراوە و دڵی سپییەوە چۆنیەتی مامەڵکردنی زمان ببینن، بێگومان تێگەیشتنیان بۆ زمان سەرتاپا دێتە گۆڕاندن.

بەڵام کێشەی گەورەی ڕۆشنبیری ئێمە بێ ئاگاییە، نەبوونی زانیارییە. بێ ئاگایی لە زمانەکانی تر دەبێتە چاوگی ڕەوشی ناجۆر. بۆ ئێمە کە بە کوردی دەنووسین و دەخوێنینەوە ، ئەگەر بە تەنیا هەر لەم رووبەری زمانەدا بمێنینەوە، نەزانین و مامەڵەنەکردن لەگەڵ زمانی تردا، دیارە لە قسەکردن سەبارەت بە زمان و گرینگی زمان رووبەڕووی هەڵەی گەورەمان دەکاتەوە. جگە لەوەی گەشتکردن بە کێڵگەی زمانەکانی تردا سنوور و ئاسۆکانی جیهانبینیمان بە شێوەیەکی کاریگەر فراوان دەکەن.

زمانی کوردی، بەهەردوو زاراوەی سەرەکی "کرمانجی ناڤین و سەرو" زمانێکە بە دەست کۆمەڵێ قەلسی و کێماسی سەختەوە دەناڵێنێت. پێم وایە تەنیا کەسانێک دەتوانن لەو قەلسی و کێماسیانە حاڵی بن و پەی بە کەلەبەرەکانی زمانی کوردی ببەن کە بەردەوام لە نێوان زمانی کوردی و زمانێکی تری پێشکەوتوودان. هەموو کات خوێندنەوە و تەماشاکردنی فیلم، دانەبڕان لە دنیای ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن بە زمانێکی، بۆ نموونە

ئەورووپایی لەوە حاڵیمان دەکات زمانی کوردی هێشتا زۆر لە سەرەتادایە. لەو کەسانەیش پەیپێبەرتر بە کێماسی و کەلەبەرەکانی زمانەکەمان کەسانی وەرگێڕن. وەرگێڕگەلی پێشوومان زۆر کەم باسیان لەو کەماسییانە کردووە کە لە کاتی وەرگێڕاندا کێشەی بۆ خوڵقاندوون. چونکە لە نێو ئێمەدا کەمن ئەوانەی باسیان لە ئەزموونی نووسینی خۆیان کردووە، بۆیە باسی ئەوەیشمان بۆ نەکراوە و تۆمار شک نابەین تا لە روانگەیەوە بزانین زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تردا کێشە و کەلەبەرەکانی چین.

جا ئێمە ئێستا لە بری ئەوەی بێین کارێک بکەین زمانی کوردی بەر لە هەموو شت لە مەترسی دوور بخەینەوە و پاشان بیر لە گەشەکردنی بکەینەوە. بیر لەوە بکەینەوە کەسانێک کە دەسەڵاتیان بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت زەمینەی نووسین و بەرهەمیان بۆ ساز بکەین. لە بری ئەوەی هەڵمەتێکی بەردەوام نەوەستاوی وەرگێڕانمان هەبێت. بێ هەبوونی هەموو ئەو شتانە، کەسانێک بێ هیچ هەستێک کە لە خۆشەویستی و ئەڤینی زمانەوە سەرچاوەی گرتبێت، هاتوون و سەنگەری شەڕە زاراوەیان لە یەک گرتووە و بە مەیلی خۆیان بۆچوون، بڕیار و گریمانەی ناڕاست و نە شیاو بڵاو دەکەنەوە.

نۆربێرت لامێرت، سیاسەتوان و سەرۆکی پەرلەمانی کۆماری ئەڵەمانیای فیدراڵ، دەڵێ:

"بۆ سەربەخۆیی نیشتمانێک، بۆ ناسنامەی کولتووری نیشتمانێک، هیچ هۆکارێک نییە لە زمان گرینگتر بێت".

بەڵام چ دەڵێ و چ دەکەی کاتێک کەسانێک نیشتمان بەڕێوە دەبەن ئەوەی نرخ بێت بۆ زمان شکی نابەن. دیارە لەوە بە ئازارتر ئەوەیە نەک بەڕێوبەرانی نیشتمان، رۆشنبیرانی نیشتمان هیچ لە گرینگی زمان نەزانن، بە جۆرێک نا حاڵی بن لە زمان، لە گرینگی زمان و بەکارهێنانی زمان، کە ببن بە مایەی شیرازە تێکچوونی زمانەکەی خۆیان. بەڵام پرسیاری سەخت ئەوەیە:

ئایا رۆشنبیرێک بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ زمان و زاراوەی نەتەوە و نیشتمانی خۆیدا بکات، لەلایەن کەسانی ترەوە متمانەی پێ دەکرێت؟ متمانە بە رۆشنبیری وەها دەکرێت بۆ پرۆژەی رۆشنبیریی نێونەتەوەیی و دەبێت بە کەرەستەی لێکگەیشتنی کولتوورەکان؟

ئایا رۆشنبیری ئەورووپانشین و گەڕاوەی ئەورووپا و دنیادیدە بۆ لەم بابەت و کێشانەدا نابینا دەبێت و جگە لە خواستی خۆی هیچ شتێکی تری بە لاوە مەبەست نییە؟

ئایا بەڕاستی ئەمانە رۆشنبیرن و ئەمانە لە نرخ و بەهای زمان تۆزقاڵێک شت دەزانن؟

نامـەوێ و ئەو مـافـەیش بە خـۆم نادەم کـەس بە رۆشـنبـیـر یان نارۆشـنبـیـر بزانم. بەڵام گفتـوگۆ، ئاخـاڤتن و شـەڕەکـان لەسـەر زمـان و زاراوەگـەلی کوردی ئەوە دەسـەلمێنن، ئێمـە رۆشنبیرمان زۆر کەمن. دەنا لەم بابەت و کێشانەدا نەدەگەیشتینە کۆڵانی بن بەست.

لە بری ئەوەی خەمی رۆشنبیر و نووسەری ئێمە ئەوە بێت بپرسێت:

زمانی ئێمە تا ئێستا چەند کتێبی وەهای پێ نووسـراوە شایانی لە بیرنەکردن و هەردەم بەکار هێنان بێ؟

بپرسێت:

بۆچ زمـانێک هێشتـا لە پێڤـاژۆی پێگرتن دایە، کـەچی بێین بە دەسـتی خـۆمان لاقـەکـانی بشکێنین و نەیەڵین چی تر هەنگاو بنێت؟

لە بری ئەم پرسیـار و خەمـە گەورانە ئەو دێت و بە کردەوە زمـانێک لە گۆ دەخـات کە تازە هـاتووەتە قسـە و کەوتووەتە جووڵە.

رۆشنبیری ئێمە بە نائاگایی خۆی زمانی کوردی لە پەلوپۆ دەخات.

کێشـەی سـەرەکیـمـان ئەوەیە زمـانی تر نازانین. نەزانین بەو واتـایەی لە ناو ئەو زمـانەدا ناژین، لە نێـو مێـرگـەکانیـدا، لە نێـو هەنـاسـە بـەردەوامـەکانیـدا ناژین، بۆیە لە زمـان حـاڵی نابین.

ئەوەی لە نێـو ئێمـەدا سـەبارەت بە زمـانی یەکگرتوو، یان سەبارەت بە زاراوەکـانی کوردی و یاخۆ ستاندارکردن دەگوترێ زۆربەی هەرە زۆری لە رووی دیمۆکراسی و لێکگەیشتنەوە ناڕاستە.

مـایەی سـەرنجـە ئەوانەی ئـەو شـەڕەیان هـەڵگیـرسـاند و سـەنگەریـان لەیەک گـرتووە، "زۆربەیان" هیچ بـەرهـەمێکی ئەوتۆیان بە کـتـێبـخـانەی کوردی نەبەخشـیـوە شـایسـتـەی لە بیرنەکردن بێت.

مایەی تێڕامانێکی قووڵە، ئەو رۆشنبیرانەی بابەتی زمـان بەو شێوە نـاجۆرە دەورووژێنن و دیواری ئەستوور لە نێوان کورد و کورددا هەڵدەبەستن زۆربەیان کوردی رۆژئاوانشین یان لە رۆژئاوا گەڕاوەن. کەواتە دەبێ بپرسین:

باشە ئەو رۆشنبیرە دنیادیدانە ئەگەر شێوازی چارەسەرکردنی ئەو وڵاتانەیان بینیوە و هەستیان پێ کردووە بۆ چاو لە شێوازێکی چارەسەر و پێکەوە هەڵکردن ناکەن و ئەم شەڕە لە پای چی؟

ئایا ئێمە ناتوانین لەو هەموو شێوازەی چارەسەرکردنی زمان لەو وڵات و لە کن ئەو نەتەوانە سود لە شێوازێکی چارەسەرکردنیان ببینین و ئەم کێشەیە بەرەو چارەسەر ببەین؟ یان زمانی کوردی لە زمانەکانی ئەڵەمانی، فەڕەنسی و ئیتاڵی گرینگتر و دەوڵەمەنترە کە زاراوەی خۆیشی پەسەند ناکات و رەتی دەکاتەوە؟ ئەوە بۆ ئەو زمانگەلە لە پاڵ خۆیاندا رێگە بە فەرمیبوونی زمانێکی کۆنی حەفت زاراوە جودا دەدەن، مەبەست زمانی رێتۆرۆمانیشە و کەسیش ناڵێت ئەو زمانە خاوەنی ئەدەبیاتی بڵند نییە؟

یان کەس ناپرسێت بۆ ئەو زمانە بەو ئەلفەبایە نانووسرێت ئێمە ئارەزووی دەکەین؟

یاخۆ فلان دەنگی تێدایە و... هتد؟

ئەوە بۆ سنوورەکانی جیهانبینی ئێمە ئەوەندە کورتن؟

ئەوە بۆ رۆشنبیری ئێمە ئەوەندە نا میهرەبان و نا حاڵییە؟

ئەی ئەوە دامەزراوەکانی وەکو ئەکادیمیای زمان، وەشانخانەکان، زانکۆکانمان و پەرلەمان، دادگا و... هتد لە وڵاتی ئێمە بۆ ئەوەندە بێ خەمن بەرانبەر بەم لەتوپەتکردنەی زمانی ژار و لاوازی کوردی؟

ئایا بەڕاستی شتێک لە کن زۆربەی ئەمانە هەیە ناوی خۆشەویستی بێت بەرانبەر بە زمانی کوردی؟

پاشان بەرهەمە گرینگ و دەقە نایابەکانی زمانی کوردی چەندن و بەو زمانە چ نووسراوە و چ کراوە؟

رۆشنبیری ئێمە لە چ ئاست و بوارێکدا بەرهەمی وەهای پێشکێش کردووە خۆی و کولتووری مرۆڤایەتی دەوڵەمەند کردبێت؟

ئایا زمانێکی هەژاری وەکو زمانی کوردی بەرگەی لەتوپەتکردن دەگرێت؟

کێن ئەوانەی ئەو هەڵە کوشندەیە دەکەن و دەبن بە هۆی دروستبوونی کەلەبەر و شێواندنی زمان؟

بێگومان باوەڕ ناکەم لەم بوارەدا سیاسەتوان و سەرکردەی سیاسی نەتەوەکەمان لەم سەری گەورە نیشتمانەوە تا ئەو سەری هیچی بۆ بکرێت، چونکە ئەوان خەمێکیان نییە ناوی زمانی کوردی و ئەو شتانە بێت، ئاخر ئەگەر خەمێکی وەهایان هەبووایە زۆربەیان بەو جۆرە لە زمانی کوردیدا کۆڵەوار نەدەبوون.